شیعر

# گەڕان بۆ منداڵی سێوەکان

فەرمان ساڵح

2012

ناوی کتێب: گەڕان بۆ منداڵی سێوەکان
بابەت: شیعر
نووسەر: فەرمانساڵح
نەخشەسازی وبەرگ: ئەبوبەکر مەلا عەبدوڵڵا
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەلات

# ژنێك لە چڵە نێرگز

ژنێك لە چڵە نێرگز

ژنێك لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە دیارە
لە ئامێزی دارچنارێك مەست بووە
هەندێ جار لە ئاسمان ئەچێ
هەندێ جاریش لە ئاو
ژنێتی ئەو لە تەڕێتی باران ئەچێ
کە ئەڕژێتەوە ناو کانی
لە هەتاو ئەچێ
باخچەکەم گەرم گەرم ئەکات
لە بەفر ئەچێ
کلو کلو دائەبارێتە ناو خەیاڵمەوە
لە گوڵ ئەچێ
هەناسەم پڕ ئەکات لە بۆن
ژنێتی ئەو پیاسەیە
بۆ کۆڵانەکانی لەززەت

دانیشتنە بەدیار ئەستێرەوە
ژنێتی ئەو مەست بوونە بە ژیان
فڕینە بەسەر پشتی تەنیایی
سی ساڵە بە خەیاڵ کەزییەکانی شانە دەکەم
لە سێبەری بەژنی ئەودا
کەپرێکم کردووە
تا فێنک بمەوە
ژنێک وەك هەور دێت و دەڕوا
ژنێك بەتاڵ لە درۆ
پڕ لە حەقیقەت...
لە پەنجەرەی ژوورەکەوە تەماشا دەکەم
ژنێك ئاوێتەی بەفر بووە
لێرەوە هەست بەگەرمێتی ئەو دەکەم
ژنێك لێوانلێو لە ناسکی
چەترێکی هەڵداوە
تا باران تەڕی نەکات
بەرداخێك چاوەڕوانی و
جانتایەك خەیاڵی لە دەستە

ژنێك لەو دیو دەرگاوە
شەرمن شەرمن پێدەكەنێت
ژنێك بە دیار ئەستێرەوە تاقەت پروكێن بووە
چاوەڕێ دەكات من ناو لەپی بخوێنمەوە
ژنێك منداڵی ئەو لە منداڵی وشەو
گەنجێتیشی لە گەنجێتی شیعر دەچێ
لە پەنجەرەی ژوورەكەوە تەماشادەكەم
ژنێك بە دیقەتەوە لێوی گەڵا ماچ دەكات
بەتاسەوە خوناوی سەر شووشەی پەنجەرەكە دەسڕێتەوە
ژنێك باڵابەرز وەك رووبار و
سپی وەك بەفر
دوو مەمكی لمینی هەیە
پرچی لە تاڤگە دەچێ و
خێرایی لە -با-
ژنێك وەك چڵە نێرگز وایە
باخچەیەكی پڕكردووە لە بۆن
ژنێك كە دەردەكەوێ مەست دەبم..
وەك تەقەكردنی پیاوكوژێك لە سێبەری خۆی

وەك ئیعدام كردنی هەوا لەسەر زەوی
وەك بەجێهێشتنی خەون لەناو جێگە...
سی ساڵە لە پەنجەرەوە تەماشا دەكەم
ئەو چرپە لە گەڵ تەنیاییدا دەكا
شەرم ئەكا بە گوڵەكانی تر بڵێ بەیانیتان باش
شەرم ئەكا لە لە بەر باران خۆی رووتكاتەوە..

# گەڕان بۆ منداڵی سێوەکان

گەڕان بۆ منداڵی سێوەکان

به کۆڵانی منداڵیمدا تێپەڕدەبم و
دەستی پرتەقاڵێکم گرتووە
نەبا لە چاوشێرکانێی گەڕەك لێم ونبێت
دەستی چەپی هەنارێکم گرتووە
نەبا سێوەکان دەنك دەنکی بکەن
لەناو هەناوی هەڵقرچاوی گەڵایەکدا
کلۆرۆفیلی خەیاڵ
بەسەر سێبەری سادەیی مندا دەبەش دەبێ
هەست دەکەم گەمەی منداڵیم ژەنگی گرتووە
سێوێك لە ژێر دارمێوەکەدا بە قاچی شکاوەوە
هاوار دەکا
خۆتان بشارنەوە من هاتم
تۆیش کە دەمێکە لە ئاو دەچی
بە دیار غروری جۆگەی بەردەم ماڵەکەمان

دانیشتوویی و پێمان پێدەکەنی
هێشتا تەنورەکەت پەمەییەکی منداڵانەو
بە پرچێکی لوول و ئاڵۆزەوە
فێرم دەکەی هەر منداڵ بم
هەر ئەو کچەیت کە لە منداڵیدا
بەشەرمەوە خۆشمدەویستی
شێوەت لەو پۆرترێتانە دەچێ
کە لەسەر دەفتەری بیرکاریدا دروستم دەکردن
رەنگت پرتەقاڵییەکی کاڵەو
هەر ئەو کچەیت
حەزم دەکرد لە من زیاتر کەس
تەماشات نەکا
لە من زیاتر کەس بە کۆڵانەکەتاندا نەڕوا

# تۆ ئەڕۆیت و ئیدی گەڵا ڕەدووی با ناکەوێت

تۆ ئەڕۆیت و ئیدی گەڵا ڕەدووی با ناکەوێت

چ ژانێکی گەورەیە
تۆ ئەڕۆیت و ئێرە ئەبێتە سارا
لێرە بەدواوە
هەتاو بین بە لێوی زەوییەوە نانێ
پەنجەرە مەرکانەکان ماچ ناکات
مەمك نابێتە شیعرو
ژن نابێتە کانیاو
لێرە بەدواوە
مانگ لە ترسی تۆ ڕاناکات

ئاسمان لە گەڵ شەو نا چێتە ژوانێ
باخچەکان پڕنابن لە چنینەوەی ژیان
لێرە بەدواوە
جێ ژوان دەبێتە کەلاوەو
غەریبی حەقیقەت دەکەین.
چ درۆیەکی گەورەیە
تۆ ئەڕۆیت و ئێرە تینوو دەبێ
جادەکان بێ پیاسە دەبن
دار چنارەکان ئیحساسیان دەمرێت
لێرە بەدواوە بەدەست لێدانێك زەوقیان هەڵناستێ
مەمك لە ژێر ستیانەکانەوە نوێژ ناکات
ئاو ئامێزی پڕنابێت لە ژن

پایز لێوانلێو نابێت لە شەهوەت
چ غەریبییەکی سەختە
تۆ ئەڕۆیت و ئێرە دەبێتە ماڵێك لە تەنیایی
خوا هەموو سێوەکان دەداتە حەوا
ئیدی ئادەم کوڕی نابێ
نە باران فریای تەڕکردنی رووبار دەکەوێ و
نە بەفر وەك تۆ سپی دەبێ
چ تەمتومانێکی دژوارە
تۆ ئەڕۆیت و
ئیدی گەڵا رەدووی با ناکەوێت
پیاوەکان سۆراخی ماچی حەرام ناکەن
بێستانەکانی رۆح
وشك دەبنەوە لەتام و بۆی ژن
کەفی سەر پێکەکان نارژێتە لێوی مەستیەوە
ئامێزی ئێوارانی شار بەتاڵ بەتاڵ
کەس نامێنێ بمباتە سەیران

باخچەیەك نامێنێ گوڵی عەشقم تێیدا چرۆ بكات
چ مردنێكی لە سەرخۆیە
تۆ ئەڕۆیت و رۆحم ئەكەیتە پارچەیەك ژەهری تاڵ
تۆ ئەڕۆیت و پڕم ئەكەیت لە خەیاڵ..

# سەفەر بەسەر سنگی تارمایی

سەفەر بەسەر سنگی تارمایی

ئەمشەو لە کۆڵانە تەسکەکانی خەون
شەستەبارانی ژانێکی تر تەڕم دەکا
نقووم دەبم لە گووشینی دەست و
دەچەمێمەوە بۆ لێستنەوەی لێو
غەریبی گەمەی مندالٚی و
راکشانی دامێنی مەمکی ژن دەکەم
لێوانلێوم لە تەنیایی
لە حەوشەی مالٚی ئاودا
بەرداخێك گوڵ دەچنم و
لە کەنار بێدەنگیدا
سەبەتەیەك قسە دەکڕم
ئەمشەو تۆ لێرەنیت
من تەنیاتر لە تەنیایی
ناوکی شیعر دەبڕم و

دەست لە ملی غەریبی دەکەم
ئەمشەو خەیاڵم پڕ بووە لە راز
تۆ کەنیزەکی یەکەمی کۆشکەکانیت
بە هەردوو دەستت
قژی خاوی گوڵەکانی باخچەی رۆح شانەدەکەی
تۆ لە ئەفسانە دەچی
بەدیار پاڵەوانێکی مردووەوە دانیشتووی
سەفەر بەسەر سنگی تارماییدا دەکەی
تۆ لە تابلۆ دەچی
غەریب ..غەریب
لەسەر شانی دیوار
کچێنی خۆت حونجە دەکەی.

# سێوی عەشق

سێوی عەشق

ئەوە سێوی عەشقە
پێش ئەوی گەورەبێ
تاڵ.. تاڵ
پێش ئەوەی تینووبێ
سەوز.. سەوز
پێش ئەوەی کرمن بێت
گەش.. گەش
پێش ئەوەی بەربێتەوە
توند.. توند
پێش ئەوەی کەلەپچەکرێ و
لە هەراجخانەکان بفرۆشرێتەوە
ئازا.. ئازا
بۆیە هەموو میوەکانی دونیا
حەزیان دەکرد سێوبان

کە گەورەبوو
تینوویەتی هەراسانی کرد
کرم لەناویا گڕمۆڵەبوو
لە تەختی پاشایەتی کەوتە خوار
کەلەبچەکراو
بردرا بۆ هەراجخانە
ئەو سێوە سورە جوانە
هەموو میوەکان
رقیان لێیەتی و دوژمنیانە

# ئێوارەیەك تووڕەیی دەڕوات

ئێوارەیەك تووڕەیی دەڕوات

من بەشێکم لە تووڕەبوونی زەوی
لەیەکەم هەڵکردنییدا با لەگەڵ خۆی بردمی و نەیهێنامەوە
ئێستە من لێرەنیم
لەوێ بەتەنیشت ئاگردانێکەوە دانیشتووم و
سێوی سوور دەبرژێنم
بین بە لێوی رووبارەوە دەنێم و
قومێك سادەیی لەگەڵ تەنیایی دەخۆمەوە
من ئێستە لێرەنیم
لەوێ لە قەراخ رووتی ئاسماندا
خەیاڵی گەڕانەوە دەکەم
گەڕانەوە بۆ ژێر سێبەری ئاو
بۆ نیشتمانی بەفرو
بۆ سەر پشتی هەتاو
من ئێستە لێرەنیم

ئێستە تاقەتی تەڕبوونم نییە لە پێش باران
دەمم پڕە لە دوعا
ناولەپم پڕە لە غەریبی
خەیاڵی گەڕانەوە دەکەم
گەڕانەوە بۆ کۆڵانەکانی قسە
گەڕانەوە بۆ پیاسەی ئێوارانی ئەوێ
من ئێستە لێرە نیم
ئەوەتام لە ئامێزی مەنفادام
ئەوە منم بانگت دەکەم
ئەوە منم دێمە دیدەنیت
ئەوە منم پرچی مانگ دەکەمە کەزی
تۆ هێشتا ئاوڕێکت نەداوەتەوە
هێشتا تەنیایی گەسك دەدەی
هێشتا لەپەنجەرەوە ئەستێرە دەژمێری
من ئێستە لێرەنیم
رۆحم بەسەر دەریادا رادەکات و
پڕم لە وەسوەسەی نەگەڕانەوە
ئێرەم لێ بۆتە ژان

رقم لە وشککردنەوەی عەشقە لەبەر هەتاو
حەزم لە چنینی گوڵە لە پێش ماڵەکەتان
من ئێستە لێرەنیم
تۆ و رووتبوونەوەی گەڕەکەکان
تۆ و باوەشێك دوو دڵی
لێرە چاوەڕێ بن
ئێوارەیەك تورەیی دەڕوات
من و تەنیایش دێینەوە..

# بۆ (زارای ناو کتێبی ئەلف و بێ)

بۆ (زارای ناو کتێبی ئەلف و بێ)

بیست و پێنج ساڵە دەتناسم
ئێستەشی لەگەڵ دابێ
نازانم ئازاد جیرانتە یان خزم
دارا براتە یان دەسگیران!

# بۆ ( پیرەژنە ماستفرۆشەکە)

بۆ ( پیرەژنە ماستفرۆشەکە)

دونیا دەورانە
رۆژانێك زەمیلەی بن هەنگڵی تۆ کون کون و
ئێستەش غەریبیی من
لە چاوەڕوانی لەت لەت و
دڵیشم لە بێداری ژیان کون کونە!

## بۆ (سەلیم بەرەکات)

بۆ (سەلیم بەرەکات)

عەجەب لە رۆمانێکی خۆتدا
حیکایەتی نەفتی رەشت نەنووسیوە
دیارە تۆش وادەزانی ئەوە ئاوی موقەتەڕە!

## بۆ ( مۆبۆتۆسیسیکۆ)

بۆ ( مۆبۆتۆسیسیکۆ)

ژەنەڕاڵ پێم بڵێ
کوشتنی گەلەکەت خۆشتربوو
یان ئاودیوکردنی شۆفلێك
لە یەکەم نرکەی راپەڕین؟!

## بۆ (جان جاك رۆسۆ)

بۆ (جان جاك رۆسۆ)

ئەرێ بەڕاست..

مادام مرۆڤ بە ئازادی لە دایك دەبێ

بۆ لە هەموو لایەك بەکۆت و زنجیر بەندکراوە؟

## بۆ ئەوانەی تا ئێستە لە «چوار «دەستەواژە تێناگەن

بۆ ئەوانەی تا ئێستە لە «چوار «دەستەواژە تێناگەن

**حکومەت**

گازینۆیەکی گەورەیە

وەزارەتەکانی مێزی قومارو

وەزیرەکانیش قومارچی

لەجیاتی بلیت

چوونە ژوورەوە بە تەزکیەیە

تەزکیەت نەبێ

نەك مێزو قومار

لەو گازینۆیەدا

دەبیتە قەشمەرو گاڵتەجاڕ!

## پەرلەمان

دۆمبەڵەیە
بۆ ئەوانەی چانسیان دێنێت!

## ماف

پارەیەکی تەزویرە
دەوڵەمەندەکان
بەسەر هەژارەکانی دابەش دەکەن!

## شەقام

شەقام

بەرمیلێك باڕووتە
هاکا گڕی گرت
حکومەت و پەرلەمانیش دەسووتێنێ!

# سێ «گۆشە»ی جیاواز

سێ «گۆشە»ی جیاواز

### «ژیان»

ژیان کەلەسەرێکی رزیووە
هەزاران ساڵە دەیخۆین
تامی خەم و
بۆنی مردنی لێدێت!

### «مردن»

نەوعێکە لە قومار
هەموو ئینسانەکان دەیکەن
بەڵام کەس لێی ناباتەوە و
هەموومانی مفلیس کرد!

### «مرۆڤ»

قومار چییەکی شارەزایە
بەڵام چانسی نییە
لە نێوان مردن و ژیاندا پاڵیداوەتەوە

# بۆ (دوعا)

بۆ (دوعا)

شووشەیەك بوو لە گولاو
کانیلەیەك بوو لە ئاو
بەستەیەك گوڵ بوو
لە مەرکانەی هەتاو
لەیەکەم بارانی لێو تەڕکردندا
لەیەکەم بەهاری چرۆکردندا
بەرد شکاندی..!

***

ئێستەش «دوعا»
لە باخچەی تەنیشت ژیان
بەسەرپشتی دابەکان
لەگەڵ بەرداخێك شەڕەف و
جانتایەك کڕوزان
بە هێمنی پیاسە دەکا

# بۆ «هەڵەبجە»

بۆ «هەڵەبجە»

لە باخچەیەکی نزیك سلێمانی
بۆنی سێوێك
پێنج هەزار نەمامی وشك كرد
شاعیرەکان سەد هەزار شیعریان بۆ نووسی
سیاسیەکانیش یەك ملیۆن درۆیان بۆ کرد
گوڵەکانی ناو باخچەکە یەك ملیار ئازاریان چەشت
ئەگەر باخەوانێکی باشی نەبێت
بە یەك ملیارو ملیۆنێك و سەدو پێنج هەزار ساڵی دیکەش
ئەو باخچەیە سەوز نابێتەوە

***

ئەمساڵیش لە هەڵەبجە
حەفلەیەکی خۆشیان کرد
خۆشبوو..
بۆ ئەوانەی قومیان لە تاڵی نەداوەو
ژانی برسییەتیان نەدیووە

خۆشبوو..
بۆ ئەوانەی تەنەکەیەك مەرەکەبیان
لە ماستاو ساردکردنەوە سەرف کرد
خۆشبوو..
بۆ ئەوانەی کە زەمی سێو دەکرێ
دەتەقن لە داخان
بۆ ئەوانەی تاریکیان بۆ خەڵك پێ ڕەوایە و
ماڵی خۆیان کردۆتە چرا خان

# بۆ «نیشتیمان»

بۆ «نیشتیمان»

نیشتیمان.. حەزم لێیە جێتبهێڵم
ئەزانی بۆ؟
چونکە بۆنی جارانت نەماوە
تامت تفت و
ڕەنگت تەڵخ
ئێستە هەتاوت ژەنگی گرتووە
بەفرت دەمی کانی ماچ ناکات
ئاسمانت سووربووە لە خوێنی کۆتر
ئێستە کچێنی تۆ
لە سەر مێزی سیاسییەکان
قوماری پێ دەکرێ..
نیشتیمان.. من لە تۆ تێناگەم
دڵدارەکانت
ڕۆژێك لەسەر گرتنی مەمك و
ڕۆژێك لە سەر فرۆشتنی پێڵاوەکانت شەڕ دەکەن

چایخانەو کافتریاو مەیخانەکانت
پڕن لە ئیکسپایەربوونی ژیان و
ناو دەمت بۆتە رووباری بێ ئومێدی..
نیشتمان.. چ ئەسەفێکی گەورەیە
تۆ ئێستە دەسگیرانی قەدەریت
قاڵبوویتەوە لە خۆشویستنی هیوا
بێزاربووی لە چاوەڕوانی پاکیزەیی
من بەو هەموو عەشقەمەوە
ناوێرم بەیانی باشت لێ بکەم
بەو هەموو خەونەمەوە
ناوێرم بۆنت بکەم..

***

نیشتیمان.. هوتێلێکی گەورەیە
ئەوانەی ژووری
خەڵکی رەنگاو رەنگن
هەندێکیان جاش و
هەندێکیان باش

هەندێك قومار دەكەن
هەندێك چای دەخۆنەوە
هەندێك دانیشتوون درۆ دەكەن
هەندێك تەماشای تەلەڤزیۆن
منداڵی هەندێکیان
گەمە بە ئاسانسۆرەكان دەكەن
هەندێك خەریكی خۆ شووشتن لە حەمام
ئەو كرێكارە نەبێ
كە لە كاتی دروستكردنی قاچێكی شكا
خەون بەوە دەبینێ
شەوێك لە وێ نووستبا!

# ئاوێزان

ئاوێزان

وەرە تێکەڵ بە بە -من
زەمەنێکە لە خەیاڵدانی خۆمدا
گەورەت دەکەم
لێوانلێوم لە تامەزرۆیت
بەڵێنت پێدەدەم
تا دوو سەدەی تر
لە ناو بوخچەی شیعرێکدا
هەڵتدەگرم
نەك وەك مۆمیا
زیندوو.. زیندوو
قژ رەش و
گەنم رەنگی
هەر ئەو کچە دەبی
لە منداڵیدا
بەرامبەر خۆم دامدەنای

کە گەورەش بووی
نازم هەڵدەگرتی و
دەمکردیتە تابلۆ و
نقوم دەبووم لە خۆشەویستیت
تا دوو سەدەی تر
حیکایەتی سپیبوونەوەی عەشقت بۆ دەکەم
فێرت دەکەم
کە شەو هات
بە دوای عەلائەدینێك دا بگەڕێی
بە فانۆسی سحرینەوە
بەرپێی تاریکیت رووناك بکاتەوە
فێرت دەکەم
بورکانی خۆشەویستیت قوڵپ بدا
تێربی لە لێستنەوەی جامی ماچ
کەڕووی ژێر دارچناری پایز بچنیتەوە
هەتاو لە خوا بدزیت و
ماڵێك دروست بکەی لە چوار وەرز..

# داهێنان

داهێنان

تۆ داهێنەری
هاکا بینیت خەڵات کرای
چوون یەکەم کەسیت
پێشنیارت کرد
بۆ پێوانی کەش و هەوای خۆشەویستی
لە جیاتی تەرمۆمەتر
ماچت بکرێتە پێوانە
یەکەم کەسیت
رەتتکردەوە لە جەژندا
گوڵ بدەی بە خۆشەویستەکەت
لە جیاتی ئەوە
ماچت کرد بە نوقڵانە

# ڕووتبوونەوە

ڕووتبوونەوە

ئەم وەرزەش کەمێك ڕووتبەوە
لە پەنجەرەی ڕۆمانسییەتی شیعرێکەوە
بخزێ نێو چۆڵستانی خەونەوە
وەك باران
بە شێنەیی لە دامێنی هەورەکاندا
بپڕژێ سەر زەوی دڵمەوە
ئیتر ڕاهاتووم
لە غرووری چاوی تۆدا
ناولەپی خەمەکانم بخوێنمەوە
بەژنی زراڤی تۆ

بڵندتر لە ئەستێرە
بەسەر نزمایی رۆحی مندا دەڕوانێ
هەردوو مەمکت شاخی بورکانێکی گەرم گەرمن
لەمن زیاتر کەس ناوێری
دەستیان لەسەر دانێ

# ئێوارە

ئێوارە

ئەو ئێوارەیەش
نقووم بووم لە تەنیایی
وەرس بووم
لە چاوەڕوانی هاتنەوەی
شا شیعرێکی تر
بە دیار باڵی پەپوولەیەك
بەتاڵ بوومەوە لە تۆ
ئێوارەیەکی دیکەش
ئەو پێکانە دەژمێرم
کە مێزی چاوەڕوانی تەڕدەکەن
دێمە دیدەنی پایز
دەبمە گەریدەیەك
بەهەموو کیشوەرە بلوریەکانی مردن
ڕەتدەبم
ئەم ئێوارەیە چاوەڕێی سوپرایزێك بووم

هەردوو لێوت لە زەرفی نامەیەك
بنێریتە ماڵی ماچ
هەردوو چاوت لە نێو فنجانێك
بنێریتە دیدەنی ژوان
دڵت بكەیتە سەبەتەیەك و
پڕی بكەی لە ژان
ئێوارەیەكی دیكەش
هەر چاوەڕێتم
بێیت و كلۆ..كلۆ
دابباریتە باوەشمەوە..

# «تۆ»

«تۆ»

وەك سێبەری ئاو
وەك بووكەڵەیەكی قژ لوول و خاو
وەك تەنیایی زستان بەبێ هەتاو
وەك رژانی وشە
بۆ ناو شیعرێكی هەڵكروزاو
وەك خوناو
ئەڕژێیتە سەر پەنجەرەی چاوەڕوانیم

# تالآن

تالآن

تۆ بوتڵی شیعرو
پەنجەی نەرمی وشەو
هەناسەی ساردی ئازادی
بسووتێنە
منیش بارەگای هەردوو مەمکت گڕدەدەم
دەفتەری ژماردنی ماچ و
پسولەی ژوان و
قەڵەمی نووسینەوەی بیرەوەریت
بە تاڵان دەبەم

# مەمك

مەمك

ئەو ڕۆژە دێ
زەمین لەرزەیەك
لە نهۆمی یەکەمی مەمکی تۆ بدات
مەمکی چەپت
لە ژێر ستیانی شەرمنیدا
بۆ تیمی فریاگوزاری پەنجەکانی من بگەڕێت

# مۆندیال

مۆندیال

ئەگەر بۆ بەدەستهێنانی جامی دڵت
مۆندیالێك رێك بخرێ
هەموو گەنجی دونیا بۆ دڵت یاری بکەن
دڵنیام هەڵبژاردەی خۆشەویستی من بۆ تۆ
یەکەم دەبێ
چونکە نیگاکانت قوتابخانەن
فێریان کردووم
لە کێبرکێی خۆشەویستیدا فاوڵ نییە
لە کروزانەوە بۆماچ
دۆڕاندن نییە
لە گەیشتن بە باوەشی گەرم

هیچ شتێك بەربەست نییە
بۆیەش لەیەکەم فیکەدا
لە جیاتی تۆپ مەمکت دەگرم
ئەگەر لەسەر ئەوە کارتی سووریش وەرگرم

# بەڵێن

بەڵێن

لەو گەڕەکەی تەنیشت خۆشەویستی
لە دوکانێکی چوارگۆشەدا
پڕبەلەپی شیعرێکی تەڕ
سۆزم بۆ بکڕە
بەڵێنت پێ دەدەم
کە نغرۆبووم لەماچ
پڕت بکەم لە سۆز..
لە پەنجەرەی شووشەبەندی رقەوە
خۆت فڕێدە سەر ئیسفەنجی نەرمی باوەشم
بەڵێنت پێدەدەم کە تێر لە باوەشم گرتی
لەنێو عەشیرەتی دڵی خۆمدا
بتکەم بە سەرۆك هۆز

# یادگاری

یادگاری

ئەم ئێوارەیەش
قومێك خەمی سپی
لە ژێری ژێرەوەی پیاڵەیەك
بە سواری خەیاڵ
دەنێرمە ماڵەکەت
تا لێوانلێوبی لە تەڕێتی
جانتایەك پڕدەکەم لەماچ
بەرداخێك پڕدەکەم لە خۆشەویستی
سواری گالیسکەی شیعریان دەکەم و
بۆتیان دەنێرم
تا یادگاریەکان هەڵگری بە زیندوویێتی

# لە خاچدان

لە خاچدان

تەڕتر لە ئاو برژایتە سەر خاکی رۆحمەوە
دڵمت کرد بە لەتێك سێو
چاومت کرد بە ئاوێنەیەکی قۆقز و
لە سوچی دەرگاکەوە پڕمت کرد لە تەماشا
وامزانی دێیت و تێر تامم دەکەی
کەچی منداڵ ئاسا
بەرسیلەی دارمێوی خۆشەویستیمت هەڵوەراند
نووشتەت خستە نێو ئاوی گەرمی شیعرێکەوە
وەك با هەڵتکردو
خۆشەویستیشت لە ژێر سێبەری باران لە خاچدا

# دواکۆچ

دواکۆچ

دڵنیام ئێوارەیەك
هەرهەموومان بە سواری گالیسکەیەك
دوور دوور دەڕۆین
لە زەوی شەڕمان پێدەبەخشن
لە ئاسمان بێ ئومێدی
لە ودیو ماناکانی بوونیشدا
خەون و
مەرگ و
ژانی گەورە..
ئەوسا تێدەگەین
چەندە گەمژەبووین
نەمانهێشت
دوو باڵندە لەسەر چڵی دارێك
تێکەڵ بەیەك بن

دوو عاشق
لە نێو سێبەری باخچەیەك
یەكتر ماچ بكەن و
دەست لە ملی یەك بن..

# فیراق

فیراق

من نازانم کامتان گەورەترن
تۆ یان شیعر
ناشزانم کامتان جوانترن
تۆ یان گوڵ
تەنها ئەوە دەزانم
فیراق بەتاڵمان ناکاتەوە
لەو رقەی ناخمانی پڕکردووە
تێریشمان ناکات لە غەریبی
کەواتە با تێکەڵ بینەوە
دەستی ئەو پیتانە بگرین
کە وشە دروست دەکەن
سەیری ئەو کاغەزانە بکەین
کە لەسەریان دەنووسرێ

با رق تەلّاق دەین و
خۆشەویستی مارەکەین
ئازار وەلاوە نێین و
خەمی دڵەکانمان چارەکەین

# ساتەکانی مردن

ساتەکانی مردن

چەند خولەکێکی تر
ژیان دەوەستێت
کچ و
ماچ و
نیشتمان
دەبن بە -با-
لە باکوورەوە
تا باشوور
ڕوودەکەنە ژیان پەرستی

خوا تووڕە دەبێ و
ئایەتێك بۆ عەشق و
ئایەتێك بۆ مانەوەو
ئایەتێکیش بۆ حەڵاڵکردنی
هەموو حەرامەکان دەنێرێتەوە
چەند خولەکێکی تر
کاسەی سەری منی پیاو
دەبێتە هێلانەی عەشقبازی ژن
چەند خولەکێکی تر
ئێرە دەبێتە چۆڵستان و
گڕ لە نامووسی ژیان بەردەبێ
ئێرە دەبێتە زەویەکی وشك
جگە لە خواو ئاسمان
جگە لە مەرگ و تاسان

جگە لە بۆنی سێو
جگە لە قورقوشم و
جگە لە بەستەیەك جگەرەی سووتاو
ئەستێرە ناسەکان
هیچ جوڵەیەکی تر نابینن
چەند خولەکێکی تر
لە دوو لەت بوونی نێوانمان
هەزاران باریکە ڕێ
دەمانبەنەوە ئامێزی درۆ
چەند خولەکێکی تر
میلی کاتژمێرەکان دەوەستن
ساڵنامەکان هەپروون دەبن
ژن دەبێتە خۆڵ و
پیاو دەبێتە لم

چەند خولەکێکی تر
لێك جیادەبینەوەو
دڵمان دەبێتە شووشەی شکاو
چاومان دەبێتە ئەستێرەو
جەستەشمان دەبێتە
پارچەیەك خاکی ترازاو

# توانەوە لە تەنیاییدا

توانەوە لە تەنیاییدا

تێکەڵ دەبم لەگەڵ ڕەنگەکانی شیعر
پڕ دەبم لەخەون و
بەسەر جەستەی ساردەوەبووی
تۆدا دابەش دەبم
دەبم بەرێژنەبارانی حەز و
لە کەنارەکانی بێهودەییدا
سپی دەبم
وەك سپیەتی كڵۆ بەفرەكانی ماچ
دەڕژێمە ناو سەبەتەیەك گومان و
لە قەراخ ماڵی قەرەجێكدا
گرمۆڵە دەبم

وەك كیسەڵەكانی پایز
لە پەنجەرەوە دەخزێمە ناو كراسی چڵكنی ژنێك
لەئاقاری خەونەكانی تۆدا دەگیرسێمەوە
حیكایەتی پیاوێكی مودمن بەشەڕاب
گەڕەكێكی پڕلە دەنگە دەنگ و شارێكی ئاوس بە خەم
بۆ ئازارەكانی ناوەوەی خۆم دەگێڕمەوە
پێناسەی كچێكی شۆخی ناو لەپ
پڕ لەخەنە
لە گیرفانی پینە پینەی من و
تفەنگێكی چلێسی پیاوكوژانەی سەردەمی شەڕیش
لەشانی پیاوەكانی شار
لەو مەملەكەتی ئەوینەدا
مەراقمە سوپەرمانێ
كڵاوی شەنەكراوی شیعرم بفڕێنێ
مەراقمە ئێوارەیەك فاڵچیێ بدۆزمەوە
ناولەپی هەموو كیژۆڵەكانی
ئێرەم بۆ بخوێنێتەوە
بەڵكو خوایە

عەشقی ونی پەپوولەیەك
لەناو لەپی کچێکی مودمن بەشیعر
دەدۆزێتەوە
دەمێکە لەمنداڵدانی عەشقی ئێمەدا
هیچ شەستەبارانێ هەڵناکا
چپەی ماچ و
تەقەی تفەنگ و
هەناسەی مردنی لەگەڵ دانەبێت
لەو دیو پەنجەرەی بێ ئومێدیدا
ژنێك بە دوو چاوی راسپۆتینیەوە
سحر لە پێکەنینی من دەکات
لەیەکەم گوزەرمدا
بۆ مەملەکەتی گروپگەل و قومارچیەکان
تێر تێر بەسەر جەستەی خۆمدا رشامەوە
باڵندە باڵشکاوەکانی بیابان و
تفەنگە دووکەڵاویەکانی شاخ
نەیانهێشت منی پەناهەندە
پیاسەیەك بەنێو ماڵی خوادا بکەم

سەدەیەك بوو
لەناو كۆشكە شووشەییەكانی وجوددا
بەستەیەك فلّچەی تەنها
وێنەی باروتیان دەكێشا
بەقەیسەری ناو مەرەكەبی قەڵەمەكانیان دەگوت
ئێرە هەموو شەقامەكانی لە هۆلۆكۆست و
هەموو بیابانەكانی لە ئەنفال و
هەموو هەورەكانی لەبۆنی سێو دەچن
من لەئەزەلەوە كۆشێك وشە بووم
ئاشوب كردمی بەچەند حەرفێكی لێكترازاو
ئەو حەرفانەی لەنێو مەكی تۆدا بەربوونەوە
بوون بە ئەنفال
بوون بە خرۆكەی سووری خوێن
بوون بە تاڵە مووی قژی منداڵێك
بوون بەتفەنگ
بوون بەعەشق
بوون بەگەڵای زەردی پایزانە و
خۆیان نووساند بەنێو قەدی پیرە دارێك

ئەمێستاکەش حەزم لێیە
لەنێو مەمکی سەدجارگوشراوی تۆدا
خەو بمبات و
خەون بەڤێللای پاڵەوانانی شەڕ ببینم
حەزم لێیە
ئامرازێك لە –نا-
بۆ جێناوەکانی
من
تۆ
ئەو...
لە بەژنی دار بەڕوویێك چێ بکەم
حەزم لێیە سبەینێ
ڕەشە بایێ هەڵکات
لەگەڵ خۆیدا
نیشتمان و
شیعر و
مەمك و
خۆشەویستی بێنێ

حەزم لێیە
لە پەنجەرەی ماڵی تلیاردلێرێك
دەنگێك ببیستم
پێم بڵێ تكایە ماڵەكەت بگوازەوە گۆڕستان

# سوڕەتێك بۆ ئەنفال

سوڕەتێك بۆ ئەنفال

سەردەمانێ لەناو خوێنی ئەنفالدا
جەستەی شەکەتم
بەئاسمانی هەورو ژاندا
مانی دەگرت
لە ئەشکەوت و ئاگردانی سورپۆشی
مەرگ و ژاندا
هەناسەمان لەهەتاو دەدزی
ئەو دەمانە لە حیجاز و مەدینەوە
کچە عەرەبێکی نێو قولآیی ساراکان
بەسەر هاتی سەدو هەشتاو دوو هەزار
حەجاجی بیابانەکانی عەرەبی جاهیلی بۆ گێڕامەوە
کە ئێستا لەبەغدادی سیمبولی شەڕدا
بەدەم هەنیسکی ئێش و ژانەوە
ئایەتەکانی ئەنفال

بۆ شاردنەوەی عەورەتی
نیشتمانی لەت و پەتی خۆیان دەخوێننەوە
ئەوانەی لەسەفای حەجی کوردایەتی
بەدەوری کەعبەی هەڵەبجەدا
لەدواین خولانەوە
سورەتی ئەنفالیان
بۆ پێنج هەزار گوڵی ئەم شەهیدستانە
کردە خەڵات و
هەڵەبجەیان ناونا مەدینە
لەوساکەوە من نزا دەکەم
هاوارم بۆ خوای هەموو ئاسمانەکان دەبەم
کەچی لە لافیتەی شینی ئاسمانی خوای مندا
بەخەتێکی سوور نووسراوە
ئەنفالی ئێوە
پەڕی هەزاران قورئان و
لافیتەی ئاسمانی هەموو خواکانی بۆ تەرخانکراوە

# شەڕ

شەڕ

هێشتا قیژەی زارۆییم بەسەر نەچووە
لەهەتوانی زامەکانی عەشقدا نغرۆ دەبم
پێکەنینم بەسەمای ئێوارانی
کیژۆڵەیەکی ئەم ئیماراتە دێت
هێشتا لە قەڵاکانی وڵاتی من
ناونیشانی پاشای گەورە و
مشت و مڕی مەلای خەتێ
ژاوەژاوی دێ
منیش بەدەم سەبەتەیەك گریانەوە
لوولەی چەکم
لەورگی برسی خۆم دەئاخنم
حەزناکەم شەڕ بێ...

# گەڕانەوە

گەڕانەوە

بەشەقامە چۆڵەکانی جەستەتدا گەڕام
لە ژێر سێبەری مەمکەکانت پشوێك
بۆ مەوسیمی ئازارەکانی عەشق گریام
خۆم وپریاسکەی شیعرەکانم
خۆم و سووتووی جگەرەیەك
خۆم و جانتایەك خەمی سپی
تێکەڵ بەئازارێکی دیکەی
نێو سێبەری یەکەم عەشق بووینەوە

# تامەکان

تامەکان

ئەوەتا لەسوچی ژوورێکی تاریك
پیاوێکی تفت
بەقەڵەمێکی سوێر
نامەیەکی شیرین
بۆ دڵدارەکەی دەنووسێت
بێتام ترین شت لەلام
خەمۆکی نیگاکانتە
بەتامترینیشیان ماچێکی لێوانتە

# دراما

دراما

لێرە گوڵیان قەرەبووت کرد
زمانی شیعریان بڕی
یاسایان ناشت
جنسیان کرد بەفەساد
لافیتەی شینی ماڵی خوایان کرد بەپەردە
بۆ شاردنەوەی عەورەتی ژنێکی رووت
راوی بارانیان کرد
کۆترێکی سپیان کرد بە قەلێکی ناشاد

# داتاشین

داتاشین

دەتکەم بەپەیکەرێك
لەژووره تاریکەکەمدا
شەوان سەرەتای زکرکردنەکام بۆ تۆ
دڵم بۆ تۆ
زمانم بۆ تۆ
من بۆ تۆ
تۆ بۆ من
دەتکەم بە نێرگزێك
لەگوڵدانی عەشق
بە فرمێسکی چاوەکانم
گەورەت دەکەم
فرمێسکەکانم بۆتۆ
نیگاکانم بۆ تۆ
من بۆتۆ
تۆش بۆمن

# کرانەوە

کرانەوە

کەلێم دووری
لە دڵم نزیکتری
کەلێم نزیکی
نێو دڵم هێلانەی تۆیە
لێم دووربی یا نزیك بی
لەگەڵمای
تێکەڵ بە هەناسەو سێبەرمای

# گەورەبوون

گەورەبوون

تۆ ئاسایی گەورە نەبوویت
گەورەبوونت وەك خرۆشانی دەریا وابوو
لەژوورەکانی تەمەندا
هەزاران ئەویندارى چاوەکانت
لەگەڵ شەپۆڵی نیگاکانت راپێچابوو
بۆیەش ئێستا
هەمیشە نازەکەیت
منی تەنیا نغرۆی نێو نهێنی و رازەکەیت

# لێکچوون

لێکچوون

شەکەت بوونی من
لەسێبەری سووتانەوەی ڕۆح ئەچێ
رووتبوونەوەی تۆش
لەسەرابی مردن و ژیان ئەچێ
لەوەتەی تۆم ناسیوە
ماندووترم لەجاران
لەوەتەی منت ناسیوە
چاوەکانت هەمیشە پڕن لەباران

# ئێستا

ئێستا

ئێستا هەڕەتی گەمە قاوەییەکانی
ڕۆژانی منداڵیە
ئێستا لەدەست حەرام و حەڵاڵ
لەبەر سێبەری گەڵای رەش و
زۆرو بۆری حزبی نابووت رادەکەین
ئێستا وەرزی خۆدزینەوەیە لە سیاسەت
ئێستا وەك جاران
داتدەبارێنمە سەرشانۆی ماچ و
حەرامت دەکەم
لەودیو ماناکانی ئەوینیشدا
ماچبارانت دەکەم

# دواهەمین دیدار

دواهەمین دیدار

کام شنەبا دەتوانێ
مەستی ئێوارەیەك لەگەڵ خۆی ببات
کام پرچی تەڕو
کام کەزی عەشق
کام وشەی لەرزۆك
دەتوانێ پێکێ لە تۆ
بنێ بە دەمی رووبار
ژیرتر لە غەریبی
تەنیاتر لە خەیاڵ
دابەشدەبمە سەر پیتەکانی ناوت
فرچك دەگرم بە لێستنەوەی
دواهەمین دیدار...

# سبەینێیەك من لێرەنیم

سبەینێیەك من لێرەنیم

سبەینێیەك لە خەو هەڵدەستی
نیشتمان گلۆزەیەك باوبۆرانە
پەردەی کچێنی بەفر سووربووە
ئاو لە تیەی مەمکی گوڵێکەوە
شەپۆل دەداو
من و ژیان لێرە نین..
سبەینێیەك ئیرۆسیەتی خەو
بەتاڵ دەبێتەوە
ئێرە پڕدەبێ لە نەفرەت
بە دیار بەردێکەوە کە لە دڵ دەچێ
خەیاڵ هەپروون دەبێو
من و ماچ لێرەنین..
سبەینێیەك شادەماری بوون
وشك دەبێ و
ئێرە دەبێتە سارا

من لێرەنیم و
تۆ و خرخاڵی پێی زەوی
تۆ و مەرکانەی گوڵێکی پایزی
تۆ و ئازارێکی لەمێژینە
دەست لە گەرووی ماڵئاوایی دەنێن..
سبەینێیەك پەشیماندەبیتەوە
دێیتە دیدەنی کۆست
تف لە خەرابات دەکەیت و
تێردەبی لە تەنیایی
من هەر لێرەنیم و
بەپێی پەتی و
تەنیاو تەنیا
نێو دەمی باران ماچ دەکەیت و
لە ئامێزی ژاندا ژوان دەگری..

# شیعر

شیعر

چەند جوانە
لە بازاڕی گەرمی شیعر
ژنێك لاسکە شیعری پڕ ماچ بفرۆشێ
چەند گەورەیە
پیاوێك لە خەڵوەتدا
گەردنی پڕ رازی پێکێك ماچ بکات
چەند هێمنانەیە
غرور سوژدە بۆ عەشق ببات و
عەشق خاڵی بێتەوە لە گومان
چەند سحرینە

کۆترێك بنیشێتە سەرشانی
تەنیایی من و
شیعرێکیش تۆ بنووسێتەوە..

# سڕینەوە

سڕینەوە

ئەو وەرزەش
هەموو پیاسەکان بە ئاراستەی
کوژانەوەی خەیاڵ دەڕۆن
فرمێسکی چاوی خەمێکی تر
تەڕم دەکات
دەڕژێمە نێو پیاڵەیەك تەنیایی
هەناسەی حەزینی ئاو
دەمباتەوە ئامێزی غەریبی
پەیکەری ژنێکی لمین
لەنێو ئاوێنەیەکی درۆینەدا
خەونی تاقانەی من
نغرۆ دەکات لە فاڵ
ئەوە منم بەرگە دەگرم
بە پێش چاومەوە
مس لە گەرووی وشە بکرێ

خەون لە بەردەم ماڵەکەم
لە سێدارە بدرێ
ئەوە تۆی بەدیار
مردنی خۆشەویستی دادەنیشی و
چەپڵە بۆ دۆڕان لێدەدەی
ئەوە منم دەتنووسمەوە
ئەوە تۆی هەمیشە دەمسڕیتەوە..

# دوانامە

دوانامە

من لە دوا نامەم دا
بە شێنەیی بەردەبمەوە
ناو سێبەری سحرینی تۆ
دێمە ئامێزی تکا
پڕ دەبم لە سکێچی رەش و سپی
پڕدەبم لە ماچی گرینۆك
لێوانلێو دەبم لە گێڕانەوەی یاد
پڕ دەبم لە نهێنی و پڕدەبم لەراز
تۆش لە دوا نامەدا
بپڕژێ نێو خەیاڵدانی بەفر
تا تێربیت لە تەزین
ئاوێزانی پرچی زراوی باران بە

تا وەرس بی لە بارین
وەرە سەر سنگی ژان
تا پڕبی لە خوناو
دەست لە ملی قەسیدەیەك بكە
تا ببیتە بەشێك لە هەتاو..

# لەتبوون

لەتبوون

هەرئێستە
لەسەر شانی چەپی شیعرێکم
زەوی دەبێت بە دوو لەت
لەتێکی خوا دەیبات و
لە تەکەی دیکەش هەرخوا
لە نێوان هەردوو لەتی زەویدا
من و خوا
تۆو ناسکی
تەماشای مردنی ژیان دەکەین
چەند بە شێنەیی گیان دەدا
هەر ئێستە
کەفی سەر پێکەکان
ئێرە پڕدەکا لە ژان
ئەو هەورانە لە خاچ دەدرێن
کەدەبوون بە باران و

تینوویەتی رووباریان دەشکاند
هەر ئێستە
نیشتمان دەبێتە تاشەبەردو
عەشقیش گەریدەو
درۆی نێو کتێبەکان
هەر ئێستە
ئادەم دێت و
شارێکی قوڕین لە بۆشایی و
ژنێکی تەنیا
لە پەراسووی شیعر چێدەکا
مانگ دەمرێ
ئێرە پڕدەبێ لە تاریکی و
شەوی ئەبەدی دەست پێدەکا
هەموو شتێك دوو لەت دەبێ
تەنها غەریبی نەبێت
بەشی من دەدرێ و
لە نۆرەی تۆ ئۆغر دەکا..

# ئەوە منم پڕدەبم لە تۆ

ئەوە منم پڕدەبم لە تۆ

ئەوە خەیاڵە
به پەیژەکانی شیعرێکەوە سەردەکەوێ
تاسەری ئەو پێکانە بشکێنێ
بەردیان لە دار مێوی عەشق گرت
دەستی ئەو ئەهریمەنانە کەلەپچەکا
خیانەتیان ناردنە ماڵی حەقیقەت
تەنیاییان پڕکرد لە سێوی گەنیو
فەرشی سووری غوربەتیان
بۆ ئەو هەرمێیانە راخست
لە بەرزیی دوور مەودا بەردەبوونەوە..
ئەوە منم پڕدەبم لە تۆ
لە کۆشکی لمینی خەمدا
قاوەیەك دەخۆمەوە
لەوەزری فێنکی درۆدا

یەکەم نامەت دەخوێنمەوە
ئەوە منم نوێژ بۆ ئەو ماچانە دەکەم
پڕیان کردین لە ئاو
لێوی ئەو خێراییە ماچ دەکەم
دەیوەشاندین لە غەریزە
دەچمە ئامێز ئەو پیتانەی
شکۆی شەرمیان شکاند..
ئەوە منم دێمە دیدەنیت
مەمکی چەپی رازت دەگرم
بە کەمەری یادەکانتەوە دەنووسێم

# مەراق

مەراق

مەراقمە ببم بە رووبار
ئامێزم پڕبێ لە ماسی
-با- بە سەر سنگی مندا بڕواو
تۆ لەناو مندا تەڕبی
لە کەنار هەر جۆگەیەکم گوڵێك و
لە ناو هەر شەپۆڵێکم ژنێك
نغرۆی نێو هەناسەم بی
مەراقمە ببم بە پایز
گەڵای لێوت تەڕترکەم لە جاران

نەهێڵم سەوزێتی عەشقت بڕوات
پەنجەرەیماڵەکەت پڕکەم لە باران
مەراقمە ئێوارەیەك ببم بە ئاسمان
لەسەر شانۆی مەمکی تۆدا
ئەستێرە بڕژێنم
لە باخچەی نازی تۆدا
هەتاو بڕوێنم...

# بیری تۆ دەکەم

بیری تۆ دەکەم

بیری ئێوارەدەکەم
ئێوارەیەك وەك ئێوارەی دوێنێ
منداڵیمان لە ناو خەیاڵدا گاگۆڵە بکاو
لە مەیخانەی ژیاندا
فاڵچییەك پێکی خۆشەویستیمان بۆ بێنێ
بیری پیاسە دەکەم
پیاسەیەك وەك پیاسەی بەر باران
تەڕمان بکات لە قسە و
لێومان پڕکات لە خوناو
بیری باخچە دەکەم
باخچەیەك پڕ بێت لە کچێنی تۆ
دارەکانی پڕبن لە زینا
بیری شار دەکەم
شارێك ئاوس بێت بە پێکەنین
شەقامەکانی پڕبن لە ناز

گەڕەکەکانی ناویان
ماچ و ژن و خەیاڵبێ
بیری ئاو دەکەم
ئاوێك رووتمانكاتەوە لە درۆ
بسمیلمان کات لە گوناە
بیری تۆ دەکەم
تۆیەك نقومم کەی لە خەون
بمبەیتەوە ئامێزی ژیان..

# شەڕ لە فنجانی سحرینی خواوە

شەڕ لە فنجانی سحرینی خواوە

لەبەندەری شەهوەتبازی ژنێکەوە گەورەدەبم و
لە دووڕیانی خەونەکانی حزبێکدا
جەستەی شەقارشەقارم بە مارەیی با دەبێ..
هەموو سپێدەیەك بەرەنگاری ئایدیای ئەو دەبمەوە و
هەموو ئێوارەیەکیش لە شەقامەکانی بێهودەییدا
دەبم بەکوڕی حزبێك..
من بەشەلواری پینە پینەوە
ڕێزم لە چۆڵەکە دەگرت و
تۆش بەسەر تەرمی گەنیوی سەدان چۆڵەکە تێپەڕبوویت
فاتیحایەکت نەخوێند
من ئاسمانێك بووم لە عاتیفە و
تۆش جەللادێك بووی لە بکوژی
ئەی کە گوناه بووین!
نەمانتوانی لەززەت لە مژینی لێوی ژنێك و

بەتاڵکردنەوەی بەرداخێك شەڕاب وەربگرین
بە هەردووکمان ئێوارەیەك
لە منداڵدانی نیشتیمانەکەمدا
بەردێکمان دوو لەتکرد
لەو دیو مانکانی ژیانەوە
حیکمەتی ( ئەڤین..ئەژین..هاوژین)مان ناشت..
بووین بەدیوارێ
بەچیایێ بە بەندەرێ...
خەراباتمان لە قسەی شەکرە سێو ئاسای کیژۆڵەیەك خۆشتر
دەویست
خەونمان بە ئیفلاسبوونی پەپوولەوە دەدیت
بە نێو ئەمازۆنەوە رەتدەبووین و
ئایەتەکانی نەفرەتمان بە بیێژوونگی ژنێکی قەرەج
دەبەخشیەوە..
ئیمزامان لە دەفتەری خیانەتکارێك کرد و
کردمان بە ئیختیاری شار
لە فنجانی فاڵچیەکەوە
ناو لەپی شەڕمان خوێندەوە

قەسیدەی بارانە شووشەییەکانمان
لە بەردەم ماڵی خوادا ناشت
چەندە گەمژەبووین
ئێرەییمان بە قردێڵەی کەزی زراقی کیژۆڵەیەك دەبرد
من دەمگووت زەرد جوانە و
تۆش سەوز و
ئەویش سوور و
ئەویش و ئەویش ڕەنگێکی تر
بەرداخێك خوێنمان ڕشتە نێو ئاورنگی گەردنە ئاڵتونیەکانی پایز و
ئێسك و پروسکی کچ و کوڕەکانی حەوامان
لە کەنارێکی ئەم دەڤەرە سوور پۆشەدا ناشت..
لە پیاسەی ئێوارانێکدا
سەرەو ژێری خەرمانەی مەرگماندا
بە گۆڕی ونی پەرەسێلکەیەك و
بە نۆتەی ئاوازەکانی مۆسیقای پیاوێکی ئیسفەنجی
****
سپێدەیەك دڵدارەکەم گوتی هەستە شەڕ لە دوورەوە دەنگی دێ

عەرافیەك لە فنجانی سحرینی خۆیدا شەڕی دەخوێندەوە
وتاربێژی مزگەوتێك فتوای شەڕی دەدا
لە سووتماك بوونی ئەو مەملەكەتەدا
منداڵێك بەهەتیوی لە دایك دەبوو
ژنێك دەبوو بە سوزانی و
جەستەی بە پیاوێكی پاسەوانی ماڵەكانی حزب دەفرۆشت
من و تۆش لە ناو خوێنی جەستەی گوڵێكی بێ هەناسەدا
گنگڵمان دەدا و
بەسەر پەیژەی نائومێدیدا
ئۆغرمان دەكرد
بە قەراخەكانی شەڕدا ڕەتدەبووین
مستۆكەیەك خۆڵمان دەخستە ناو كونی دەرگاكانی شەڕەف و
ناو گەڵی ژنێكمان هەراج دەكرد
بۆ وێناكردنی دوا ساتی كوژانەوەی شەهوەتی پیاوێكیش
مەمكی ژنێكمان رادەخست و
لە جەللادخانەكانی ژندا هاوارمان دەكرد
ئەی خودا..
تامی بەرسیلەی پێنەگەیشتووی دارمێوەكانی ماڵی شەڕمان پێ بڵێ

فێریراmووسانی کەزی زەردەکانی فێردەوسێمان بکە
لەو وەرزی بەستنەدا
بمانکە بە تەلیسمی ئاگردانی ماڵە شووشەییەکانی شیعر
وەرە سەردانی ماڵەکانی مردن بکە
بزانە ژێرەوەی ئەو سابانی خەمە
چ ئەنفالستانێکە.
چ تاوەرێکی رووخاوە لە بێدەنگی..

# چاوەڕوانی

چاوەڕوانی

لەوێ لە باخچەکەدا چاوەڕێتم
ئەگەر هاتی وەرە ژوورەوە
لە ژێر سێبەری شیعرێك دانیشتوم
چەپکێك گوڵ و
بەستەیەك لێوو
...سێ چوار ماچی پەمەییم لەدەستە
ئەگەر هاتی مەرکانەیەك رووتی و
باوەشێك تەنیایی لەگەڵ خۆت بێنە
پێویست ناکا لە دەرگا دەی
هەموو درەختەکانی ئەوێ دەتناسن
هەموو گوڵەکانی ئەوێ چاوەڕێتن..

# تەمەن

تەمەن

لە ساڵی نوێدا
لە تێك ژان و
زەمیلەیەك خەیاڵ
لە گەڕەکی گەنجێتی مندا
ئاو دەیان بات
زەمیلەیەك ژان و
لە تێك خەیاڵیش
با دەیان هێنێت..

# شەوی یەڵدا

شەوی یەڵدا

بە دیار مارکانەیەك تەنیاییەوە دادەنیشم
دەست لە کەزی ئەو شیعرانە دەسوم
کە پڕن لە ژان..
پڕن لە ژیان
لە باخچەی خەیاڵدا
من و چاوەڕوانی قاوەیەك دەخۆینەوە...
من و باران دەڕژێینە ئامێزی شەو
شەوی یەڵدا
شەوی شەنەکردنی پرچی مانگە
شەوی جێهێشتنی بایە
لە باوەشی ساردی بەفر
شەوی خواردنەوەی ماچە لە بەرداخی لەززەت
شەوی یەڵدا شا شەوی ژوان و
دوا شیعری پاییزە بۆ گەڵا..